ڕێژەی بەرپرسیارێتی لە کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتیدا

تا ئێستا بە دەگمەن هەڵکەتووە کە ژن یان پیاوێک بەرپرسیارێتی کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی لە ئەستۆ بگرێ و خۆی بە تۆمەتبارو تاوانبار بزانێ، چونکە هەمیشە کەسەکان خۆیان بە خاوەن ماف و بە ڕاست دادەنێن و کەس یان کەسانی بەرانبەریان بە ستەمکارو زۆردارو تاوانبار دەزانن، بەوهۆیەشەوە زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتی و خێزانیەکان بەبنبەست دەگەن و ناکام دەمێننەوە.

خەسڵەتی مرۆڤی بە ویژدان و ڕاستگۆ ئەوەیە کە هۆکاری کێشەو ڕووداوەکان لێکبداتەوە، بە ئەقڵ و لۆژیک هەڵیانبسەنگێنێ ئەوسا بڕیاریان لەسەر بدات، هەر کاتێکیش بەو شێوەیە ڕەفتار کرا، مرۆڤ ڕاستی ڕوداو، کارەسات، کێشەو گرفتەکانی بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەگەر خۆیشی کەمتەرخەم بوو، دانی پیادەنێ و ئازاری دەروونی خۆی سووک دەکات. بەداخەوە لە کۆمەڵی کوردەواریدا زۆربەی جاران دوای ئەوەی کێشەکان بەبنبەست دەگەن، یان ئاکام بە هەڵوەشانەوەی خێزان تەواو دەبێ، یاخود بەوهۆیەوە مرۆڤ یان کەسانێک گیان لەدەست دەدەن، ئەوسا هەندێک لە کەسەکان بیر لە ڕابردوو دەکەنەوەو دان بە بەرپرسیارێتی ئاکامەکەی دادەنێن، ئەوکاتەش هیچ سودو قازانجێک بە کێشەکە ناگەیەنێ. چونکە کاتێک خێزانێک لەسەر هەڵەی پیاو یان ژنێک هەڵدەوەشێتەوە، دواتر چ سوودی هەیە ئەگەر کەسە تۆمەتبارو تاوانبارەکە بێتە قسەو بڵێ من کەمتەرخەم بووم و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ دەگرم! کاتێک منداڵەکان بەهۆی هەڵەی دایک یان باوکیانەوە سەرگەردان دەبن و دووچاری دەردەسەری دەبنەوە، چ سودێک لەوەدا بەرجەستە دەبێ کەسی تاوانبار دان بە هەڵەکانی خۆی دابنێ، چونکە ئیتر خێزانەکە بە ئاسانی کۆناکرێتەوە، منداڵەکان هاوکات بە دایک و باوکیان شاد نابنەوە، بە بێ ویست و خواستی خۆیانەوە لە سۆزو خۆشەویستی یەکێکیان بێبەش دەکرێن. بۆ نموونە کاتێک لەئاکامی سەرەڕۆیی هاوسەرێک یان بەهۆی هەڵەو تێنەگەیشتووی یەکێک لە هاوسەرەکان چەندین منداڵ تەریوەی نێو خێزانێکی دیکە دەبن، چ سوود بەو منداڵانە دەگات ئەگەر دایک یان باوکەکە پەنجەی پەشیمانی خۆی بگەزێتەوەو دان بەهەڵەکانی خۆیدا بنێت. بوێری و ئازایەتی لەوەدایە کەسە کەمتەرخەم و خاوەن هەڵەو کێماسیەکان بەر لە ئاکام و یەکلایی بوونەوەی کێشەکان دان بە ڕاستیەکان دابنێن و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرن و داوای بوردن و لێخوشبوون لە کەس یان کەسانی بەرانبەریان بکەن.

ئێستا ڕێژەی کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی لە نیو کۆمەڵی کوردەواریدا بەرز بۆتەوە، سەدان و هەزاران خێزان گیرۆدەی کێشەکان بوونەتەوە، ئەگەر کەسی هەڵەکارو سەرپێچیکار ڕاستیەکان پەسند نەکات و گوێ لە لایەنی بەرانبەر نەگرێ و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان نەدات، چ بایەخ و گرنگی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دوایی دەستی خۆی بشکێنێتەوەو بڵێ من بووم ئەو کێشەیەم بەو ئاکامە گەیاند، یان بڵێ ئیتر ڕۆیشت و ناگەڕێتەوە، یان بڵێ قسمەت و نسیب وابو، ئیتر خۆ چاوم بەلایەنی بەرانبەر ناکەوێتەوە.

زۆربەی جاران لووت بەرزی و خۆ بەزلزانین وا لە مرۆڤەکان دەکات کە دان بە هەڵەکانیان دانەنێن و درێژە بە کێشەکانیان بدەن و بیر لە چارەسەرکردنیان نەکەنەوە. زۆر جاران کاتێک ژنێک دەکوژرێ یان دەسووتێ ئەوسا بنەماڵەکەی دەستەوئەژنۆ دادەنیشن هەزاران ئاخ و داخ هەڵدەکێشن. یان کاتێک ژنێک ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات و لە مردنیش ڕزگاری دەبێ، سیماو ئادگاری دەشێوێ و لە جوانی دەکەوێت، ئەوسا پەنجەی پەشیمانی خۆی دەگەزێتەوەو داوای بووردن دەکات، بەڵام ستەمێکی ئەوتۆی لەخۆی کردوە کە دەبێ تا کۆتایی ژینی بەو دەردەوە بتلێتەوە، چونکە ئیتر ناتوانێ وا بەئاسانی ئەو جوانیەی خۆی بگێڕێتەوە. هەڵبەت نموونەی لەو بابەتەش لە کۆمەڵی کوردەواریدا یەکجار زۆرو بەرچاوە.

دەمێکە پێشینان گوتویانە چەپڵە بەدەستێک لێنادرێ، ئەمەش واتای ئەوەیە کە هەردوولا تێیدا بەرپرسیارن، بەڵام ڕێژەی بەرپرسیارێتی وەکو یەک نیە. بۆ

نموونە کاتێک ژنێک یان پیاوێک لە خۆڕاوە ناپاکی لە هاوسەرەکەی دەکات و باوەشی خێزانەکەی دەکا بە دۆزەخ، بۆ دەبێ لایەنی بەرانبەریش هەمان ڕێژەی بەرپرسیارێتی بەر بکەوێت؟!

زۆر جاران ژنان دەڵێن و دەنووسن {نابێت چیتر ڕێگە بدرێت لە ژێر هەرناونیشان و سوونەتێکدا ژنان بکوژرێن و ببنە سووتەمەنی عەقڵیەتێک کە هیچ پایەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ نەماوەتەوە، هێنانەوەو فەرز کردنی بیروباوەڕی پیاوسالاری و ژنکوژی تەنیا لە سنگی کۆمەڵگەیەک دا هەیە کە مرۆڤەکان نابەرابەربن، یاساکانی پیاوان زۆر جاران ژنان دەکەن بە مرۆڤی پلە دوو!} بێگومان ئەمە نابەرابەریەو لە قۆناغێکی مێژووییدا سەردەستان دایانهێناوە. هەڵبەت تا ئێستاش دەوڵەت لە هاوێرکاری نێوان ژن و پیاودا بەرپرسیارە. یاسادانەران بەرپرسیارێتی دارشتنی ئەو یاسایانەیان لەمل دایە کە لە نێو پارلەمان و مەڵبەندی باڵا دا بڕیاری لەسەر دەدەن و دەیسەپێنن. کاتێک دەستوورێک حەزو ئارەزووەکانی ژنان لەژێر پێ دەنێ و بە کەم تەماشایان دەکات، کاتێک حکومەتێک بڕگەکانی ئەو دەستوورە جێبەجێ دەکات، دەبێ چ قسەیەک بۆ تاکەکانی ناو خێزانەکان بمێنێتەوە. کاتێک ئەفسەرێکی لێکۆڵینەوە شانازی زیاتر بۆ ژنێک دەکات و تۆمەتەکان بۆ پیاوان تۆختر دەکاتەوە و قوربان بۆ دەگرێتەوە، کاتێک پارێزەرێک لەبەرانبەر پول و پارەدا داکۆکی لە تاوانبارو ستەمکارێک دەکات، دەبێ مرۆڤی ئاسایی چۆن لە ژیان و داهاتووی خۆی بڕوانێت؟!

لە تێکڕای کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا کەسانێک تێیدا بەرپرسیارن، وەکو گوتمان هەموویان بەیەک ڕێژە بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ ناگرن، بەڵام چۆن تاوانکارو ستەمکاری ڕاستەقینە دەدۆزینەوە؟!

هەندێکجار لەسەر شتی بچووک کێشەی کۆمەڵایەتی سەریهەڵداوە، بەڵام کاتێک گەیشتۆتە بەردەستی ئەفسەری لێکۆڵینەوە یان کاتێک پارێزەرێک دەستی تێوەرداوە، یان کاتێک دادوەرێک سەرنجی لێداوەو بڕیاری لێوەرگرتووە، کێشەکە قوڵتر بۆتەوەو خێزانەکەش بوونەتە قوربانی.

زۆر جاران ژنان لەخۆڕاوە لایەنی ژنێکی دیکە دەگرن، یان پیاوان لە خۆڕاوە لایەنی پیاوێکی دیکە لە کێشەیەکی دیاریکراودا دەگرن و ئاگاشیان لە پێشینەی ڕووداوو کێشەکاندا نیە. ئەوەش وایکردوە کە کێشەکان قوڵتر ببنەوەو خێزانێک هەڵبوەشێتەوە. هەندێک جار کە ژنێک زیز دەبێ و بۆ چەند ڕۆژێک دەتۆرێ، دەبینرێ ژنانی دیکە لەخۆیانەوە دەچنە ناو کێشەکەیان و پێیدەڵێن: ئەگەر جیابیتەوە تۆ هیچ زەرەر ناکەیت چونکە سەدان پیاو مەمنووت دەبن و دێنە خوازبێنێت!! یان پیاوان دەچنە بن باڵی پیاوێکی خاوەن کێشەی خێزانی و پێیدەڵێن: برا خۆی ئاسمانت بەسەردا نەڕووخاوە، ئەم ژنە نا، دەیانی دیکە، هەزاران کچی جوانتر دەستیشت ماچ دەکەن!!

پارێزەرێک ئەمەی بۆ گێڕامەوە: ماوەیەک لەمەوبەر ژنێکی جیابۆوە بەمەبەستی وەرگرتنەوەی منداڵەکانی سەردانی کردم، من نەمزانی بۆچی جیابۆتەوە، چونکە هەم پیاوەکەی پێشووی ژنی هێنابۆوە، هەمیش خۆی شووی کردبۆوە، قسەمان لەسەر وەرگرتنەوە یان دیتنی منداڵەکانی بوو، لەوکاتەدا ژنێکی دیکە خۆی کرد بە ژووردا، یەکسەر هاتە ناو باسەکەو گوتی: **کاکە گیان ئەمە خوشکی منە، هیچی بۆ مەکە، لەخۆڕاوە ژیانی لە خۆی و لە منداڵەکانی تێکدا، تازە دیتنی منداڵ و وەرگرتنەوەیان کێشەکانی ئەو چارەسەر ناکات.** قسەکانی ئەو ژنە وای لێکردم کە لە هۆکاری جیابوونەوەیان بپرسم. خوشکی ژنەکە خۆی هاتە وەڵام و گوتی: **کاکە گیان باوەڕ بکە دایکم ماڵی کاول کرد، ئەم خوشکەم لەگەڵ مێردەکەی سوکە دەمەقاڵێیان ببوو، بەڵام دایکم سوێندی لیخوارد کە ئەگەر تەڵاق وەرنەگرێ، هەتا مردن قسەی لەگەڵدا ناکات، ئەویش لەبەر قسەی دایکم تەڵاقی وەرگرت. ڕاستە خوشکەکەم و شووەکەی سوکە کێشەیان هەبوو، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەبوو کە دایکم کەیفی بە زاواکەی نەدەهات، چونکە ئەو پیاوە گوێ لە قسەکانی دایکم ڕانەدەگرت و نەیدەویست خەسوی بچێتە ناو ژیانی ئەوانەوە، من هەقم بەو پیاوە دەدا، بەڵام دایکم لامل و ئەم خوشکەشم ساویلکە بوو، سەرەنجام لەسەر داوای دایکم جیابۆوە، دوایی دایکم مردو ئەویش بە ناچاری شووی بە پیاوێکی پیر کردۆتەوەو منداڵیان نابێ، بۆیە ئێستا داوای دیدار و وەرگرتنەوەی منداڵەکانی دەکات}**

لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەدا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە مەرج نیە هەموو جارێک هاوسەرەکان پلەی یەکەمی بەرپرسیارێتیان بەر بکەوێ، چونکە ئەگەر دایکی ژنەکە لامل نەبوایەو فەرمانی خۆی بەسەر کچەکەیدا جێبەجێ نەکردبایە، ئەو خێزانە هەڵنەدەوەشایەوەو منداڵەکانیش لە سۆزی دایکیان بێبەش نەدەبوون، لەوانەیە نە پیاوەکە ژنی دیکەی دەهێنایەوە، نە ژنەکەش شووی بە پیاوێکی پیرتر دەکردەوە.

کەواتە باشترین ڕێگە بۆ کەمکردنەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە هەر هەموو کەسەکان بیر لە ڕێژەی ئەو بەرپرسیاریەتیە بکەنەوە کە لە کێشەکاندا لە ئەستۆی ئەوان دەکەوێ. یاخود خۆیان بهێننە جێی ئەو کەسانەی کە کێشەکانیان هەیە، ئەوسا نابێ لە خۆڕاوە خۆیان تێی هەڵبقورتێنن و بڕیاری لێبدەن.

ئاری محەمەد

هۆکاری خۆسووتاندن بۆ لاوازی مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە

خۆسوتاندنی ئافرەتان، بووەتە شتێکی باوو ڕۆژانە دەبیستین ئافرەت پەنا دەباتە بەر خۆسوتاندن، بە هەر هۆیەک بێت ڕوو بەڕوویان دەبێتەوە، ئیتر گرنگ نییە بەلایانەوە کە ئەو کێشەیە دووچاری هاتوەو چارەسەر دەبێت یان نا یاخود زاڵ دەبێت بەسەریدا بۆ ئەوەی تووشی ئەو کارە نەبێت کە لە عەقڵیدا دێتو دەچێتو ڕێنمایی دەکات، بۆ ئەوەی پەنابەرێتە بەر خۆسوتاندن! زۆرجار بچوکترین کێشە دێتە ڕێی و خۆی دەسوتێنێت، چونکە بونیەی ئافرەت لاوازە بێدەسەڵاتە لە ئاست کێشەکاندا، یان دەوروبەری زاڵ دەبێت، بە سەریدا هێندە دەچەوسێنرێتەوە هیچ چارەسەرێکی نامێنی و بیر لەوە ناکاتەوە، کە بە هۆی ئەو خۆسوتاندنەوە، خوا لە خۆی دەرەنجێنێتو سزای قیامەتیشی دەبێت و دواتر خۆی پەشیمانی دەردەبڕێ لەو کارەی کە کردوویەتی.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم باسە سەردانی نەخۆشخانەی (ئیمێرجێنسیمان) کردو دیداریکمان لەگەڵ بەڕێز دکتۆر (شاخەوان صائب زۆراب) پزیشکی پایەبڵندی (مقیم أقدم) لەبەشی سووتاوی جوانکاری کردو وتی: ئەوکەسانەی کە سووتاون جوانکاری بۆ دەکەین، ئیش کردن، لەگەڵ پێست ئەگەر پێست نەما ئێمە هەواڵ دەدەین پێستی تری بۆ بێنین واتە بەو پێستە جوانکاری بۆ بکەین. گوێی نەمابێ، لە لوتی بۆی دروست دەکەین. سوتاویش چەند بەشێکی هەیە:

١ـ بەشی سەرەوەی پێست دەسووتێو ئازاری زۆرە، بەڵام نیشانەی خوێن بەبوون یان قووڵی سوتانی نییەو زوو چاک دەبێت بە بەکارهێنانی مەلحەم.

٢. بەشێکی پێست ئەسووتێ بەبێ ئەوەی بگاتە تەبەقەی سەروە ئازاری زۆرەو چاک بوونەوەی خێرایە.

٣ـ هەموو پێستی دەسووتێو دەماری هەستی نامێنێ، ئەو شوێنەی ئەمەلی ژیانی نییە، بەرگری نامێنێو پێست دروست نابێتەوەو دەبێ ئەو پێستە ڕەقە لابەرین.

٤ـ سووتاوی بەشەکانی تری ماسولکەو ئێسقان دەسوتێ. دواتر پرسیاری ئەوەمان لێکرد ئایا نەخۆشەکان بەڕ،وداو دەسوتێن، یان خۆیان دەسوتێنن زیاتر ئافرەتن یان پیاو؟

ـ لەوەڵامدا وتی: دەرەجەی سووتاوییەکە لە خوار (٥٠)ەوە ڕووداوە، زیاتر ئافرەتان دەگرێتەوە، بەڵام خەریکە پیاویش زیاد دەکات، بەهۆی ئەوەی تێکەڵ بە بەنزین دەبن، یان لە کاتی کردنە مۆلیدەدا، بەڵام ئافرەت بەهۆی تەباخ یان حەمام داگیرساندن، کە زۆریشیان ڕاستی ناڵێن لە هۆکاری سووتاوییەکەیان، بەڵام ئێمە هەستی پێدەکەین. بۆ نموونە نەخۆشێک بە دەستی خۆی دەسوتێنێ، ئەو دەستەی نەسوتاوە، کەواتە ئێمە دەزانین کە ئەو کەسە خۆی سووتاندووە. پاشان ئەو ئافرەتانەی، کە خۆیان دەسوەتێنن زۆربەیان کێشەی کۆمەڵایەتییان هەیە، بە هۆی خراپی مێردەکەیەوە یان نەگونجانی لەگەڵ خەسوی، یان تۆمەت بارکراوە بەشێتێک. دوای ئەوەی، کە خۆشیان دەسوتێنن زۆرپەشیمانی دەردەبڕن. یەکێک لەو نەخۆشانە سەڵاح موحەممەدی تەمەن (٣٣) ساڵ بوو، کاتێک بەنزینی کردۆتە ناو مۆلیدە دەستی بەنزیناوی بووەو دەستی لە پلاکی کارەبا داوەو سوتاندوویەتی کە ڕێژەی سووتاوییەکەی لە سەدا (٢٥)ە، یەکێکی تر لەو نەخۆشانە ژنێکی تەمەن (١٨) ساڵو خاوەنی دوو منداڵ بوو لێم پرسی بۆ سوتاوی لە وەڵامدا وتی: نەوتم کردۆتە چرا. بەڵام ئەو کەسەی کە دوای بۆ دەکرد ڕاستی مەسەلەی ڕوون کردەوەو وتی: هۆکاری سوتانەکەی چرا نەبووە بەڵکو بە هۆی خراپی مێردەکەیەوە بوە، خۆی سوتاندووە، سوتاوییەکەشی لەسەدا (٧١)ە، لە ڕووی گرنگیدان بە پاکوخاوێنی نەخۆشخانەکەو گرنگی دان بە نەخۆشخانەکانو نەبوونی دەمار بەڕێز کاک مەریوان مارف حەسەن یاریدەدەری پزیشکی وتی: ئێمە لەم نەخۆشخانەیەدا لیژنەی ویقائیمان نییە واتە لیژنەی پاکو کەرەوەی نەخۆشخانەکە، سابون زۆر بە کەمی دێت بۆ پاکو کردنەوەی نەخۆشەکان پاشان هەفتانە یەک دەبە بێتارینمان بۆ دێتن کە ئەمە کارێکی زۆر هەڵەیەو خۆمان بە کەمی بۆ نەخۆشەکانی بەکاردێتن نەخۆشەکانیش دەڵێن ئێوە خزمەتمان ناکەن. کە لە ڕاستیدا ئەمە کاری وەزارەتی تەندروستییە کە دەبێ ئاوڕ لە نەخۆشخانەکان بداتەوە پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکەن، کە ئێمە وەکو ستافی ئەم نەخۆشخانەیە زۆر گلەییمان لە وەزارەتی تەندروستی دەکەین، بەپێی پێویست ئاوریان لێنەداوینەتەوە. دواتر پرسیاری ئەوەمان لێکرد ئایا ئەو ئافرەتانەی کە خۆیان دەسوتێنن گەنجن یاخود بە تەمەنن؟ ئەو وتی: گەنجنو زیاتر کچن، خۆیان دەسوتێنن بە هۆی ئەوەی لە ناو خێزانەکەیدا باوکی یان برای بەزۆر دەیدەن بە کەسێک، بە دڵی نییە، یان دەستگیران دارە و لە چوونە دەرەوەیاندا کێشە دەکەوێتە نێوانیان و پەنا دەباتە بەر خۆسووتاندن یان کچێک شوودەکات بە کەسێک ٢٠ ساڵ یان ٣٠ ساڵ لە خۆی گەورەتر یان نەبوونی نیشتەجێ بوون نەبوونی ماددە ئەمانە هەموو هۆکارن بۆ خۆسوتاندن، لە ڕووی خزمەتکردن بەو نەخۆشخانە بەڕێزە یادگار عەبدولقادر یاریدەدەری پزیشکی وتی: ڕۆژنامەڕۆژێ ئەیانشۆین، پاشان ڕۆژانە تەداوییان بۆ دەکەینو جێگایان بۆ دەگۆڕینو پێداویستییەکانیان بۆ دابین دەکەین لە ڕووی ئەوەی کە ئافرەتانە خۆیان دەسوتێنن ئەمەلی چاک بونەوەیان هەیە یان چارەسەرچییە بۆیان؟ دکتۆر شاخەوان وتی: زۆرجار ئەو نەخۆشانەی چارەسەردەکرێن لە ڕووی جوانکارییەوەیەوە، بەڵام هەندێکیان چارەسەر ناکرێنو گیان لەدەست دەدەن، بۆیە دەبێ ڕێنمایی ئەو نەخۆشانە بکرێت لە ڕووی نەفسییەوە کە ئێمە دکتۆری تایبەتیمان نییە لەوبوارەدا کە لە وڵاتان هەیە، بەڵام زۆرجار لە ڕووی ئینتەرنێتەوە نەخۆشەکانمان نمایش دەکەین بۆ پزیشکەکانی دەرەوە. بۆیە پێویستە ئەو نەخۆشانە، تەوعییە بکرێن کە ئێمە ئەوەمان نییە تەنها ئەوەیە کە نەخۆشەکە دێنەلامان، کەچی بۆ بکەین یان بۆی نەکەین، دواتر دکتۆر شاخەوان درێژەی بەقسەکانی داو وتی: دەبێ ئافرەتان خۆیان بەدوربگرن لە خۆسوتاندن چونکە هیچ چارەسەر نییە، بۆ کێشەکان تەنها ڕوبەڕووبوونەوە زاڵ بوون چارەسەرە بۆ کێشەکان.

ئامادەکردنی:
شنۆ عەبدوڵڵا پێنجوێنی

سەرچاوە: پێگەی خێزان